پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

کانونی دووەمی ٢٠١٨

پەیپەری ژمارە/ ٢

حووسییەکان کێن، چییان ئەوێت؟

شیکارێکی وەسفی بۆ قەیرانەکانی یەمەن و کاریگەرییان لە بارودۆخی هەرێمایەتی دا

تیمی کار لە مێدیتریانە

بیلال ئیسماعیل حەمە

بەهرۆز جەعفەر

حوسیەکان کێن و چیان دەوێت؟

شیکارێکی وەسفی بۆ قەیرانەکانی یەمەن و کاریگەرییان لە بارودۆخی هەرێمایەتی دا

تیمی ئامادەکار

- بەهرۆز جەعفەر
- بیلال ئیسماعیل حەمە

ئینسیستوتی میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی

عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی

ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co وە یاخود Bilal@mirs.co

تەلەفۆن: ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤ & ٧٧٠١٤٥٤٩٠٨ (٠٠٩٦٤)

پێشەکی

جوڵانەوەی حوسیەکان لە یەمەندا بووەتە جێگەی سەرنجی دەوڵەتانی هەرێمی، پێگەیەکی بەرفراوانی لە راگەیاندنەکان و مشتومڕە سیاسیەکاندا داگیرکردووە. ئەوانەی باس لە مێژوو و خەبات و رووبەڕووبوونەوەکانی ئەم بزوتنەوەیە دەکەن دابەش بوون بەسەر دووبەرەدا: بەرەیەک، بە تەواوەتی پشتیوانیان لێدەکەن و بەرەیەکی دیکە دژیان دەوەستن.

سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەی حوسیەکان دەگەڕێتەوە بۆ رێکخراوێکی پەروەردەیی ئاینی کە لە لایەن کۆمەڵێک زانای مەزهەبی زەیدی شیعە لە پارێزگای (صەعدەی باکوری یەمەن) دامەزرێنرا. بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بنەما و دروشمەکانی ئەو مەزهەبە بە شوێنکەوتوانی و بایەخدان بە لایەنی کلتوری و رۆشنبیری و پەروەردەیی پەیڕەوکەرانی ڕێبازەکە و بڵاوکردنەوەی لە ناوچەکانی دیکەی یەمەن دا. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی رووداوەکاندا و هەستکردن بە پەراوێزخستن گۆڕانکاریەکی ریشەیی لە ژیانی ئەم گروپەدا هاتە ئاراوە و لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، ئەمەش بوو بە رێکخراوێکی سیاسیی و بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی یەمەنیان کردو نوێنەریان چووە پەرلەمانەوە، لە هەمان کاتدا رێکخراوەکە تووشی لێکترازان هات و گروپێکیان لێ جیابوویەوە کە ئێستە بە ناوەکانی لاوانی موسوڵمان (الشباب المؤمن) یان پشتیوانانی خوا (أنصار الله) وە یاخود بەگشتی بە (حوسیەکان) دەناسرێن. ئەم گروپە لە نەوەدەکانەوە رۆڵێکی سیاسی کارایان هەبووە لە ناوخۆی یەمەندا و تەنانەت گەیشتە ئاستێک رووبەڕووی شەپۆل و تەوژمی سووننی ببنەوە بە هاوکاری حکومەتی یەمەنی، بەڵام دەرئەنجام بەهۆی پەراوێزخستنیانەوە سەرەڕای ئەو رۆڵە سیاسیەی هەیان بووە ئۆپۆزسیۆن بوونیان هەڵبژاردو، دواجار پەنا یان برد بۆ جەنگ لە دژی حکومەتی یەمەنی کە هەتاوەکو ساڵی (٢٠١٨) بەردەوامی هەیە.

سەرەتای ساڵی (٢٠١٨) یەو، حووسیەکان بەرۆکی یەمەن یان گرتووەو، سەرۆکی پێشوتری یەمەن "عەلی عەبدوڵا ساڵەح" یان لەو وڵاتە کووشت و، بونەتە هەڕەشەیەکیش بۆ سەر ئاسایشی هەرێمایەتی.

لێرەوە، پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، بە بەرپرسیارێتیەکی ئاکادیمی زانی لە چوارچێوەی توێژینەوەو راپۆرتەکانی خۆیدا، سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی حووسییەکان لە لایەک و، ڕەهەندو لێکەوتە هەرێمییەکانی لەلایەکی تر شی بکاتەوە.

تەوەری یەکەم: قۆناغی دروست بوون و گەشەکردن

هەرچەندە وەک بوونێکی سیاسی، سەرەتای هاتن و بەشداریی حووسییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٢) ئەوەش وەک دەرئەنجامێک هات لەبەرانبەر فەرامۆشکردنیانەوە، دژی هاشمییەکان هاتنە گۆڕەپانەکە. وەکو "ناو" بۆ یەکەمین جار ناوی حوسیەکان لە ساڵی (٢٠٠٤) دا بەکارهێنرا، لەگەڵ سەرهەڵدانی جولانەوەیەکی چەکداری لە دژی هێزەکانی حکومەتی یەمەنی لە پارێزگای صەعدە کە لە (حوزەیرانی ٢٠٠٤) ەوە هەتاوەکو (تەموزی ٢٠٠٨) پێنج جەنگیان لە گەڵ سوپای یەمەنیدا ئەنجامداوە. لە لایەکەوە، دەسەلات و ناوچەی نفوزی حوسیەکان بەردەوام لە زیادبووندابووە و توانیویانە چەند ناوچەیەک بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەری و مەترسی حوسیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە ئاشکرا دەبینرێت، تەنانەت توانیویانە مەترسی لەسەر دەوڵەتێکی وەک سعودیە دروست بکەن و لە ماوەی نێوان (٢٠١٧ بۆ سەرەتای ٢٠١٨) زیاتر لە دووجار mووشەکیان ئاڕاستەی سعودیە کردووە.

١-١. حووسییەکان: چیرۆکی جووڵانەوەیەکی ئاینی، سیاسی، چەکداریی

جولانەوەی حوسیەکان، جولانەوەیەکی سیاسی یە بە باکگراوندی ئاینی شیعەگەرایی-چەکداریی، لە سەرەتادا پارێزگای صەعدە لە باکوری یەمەن ناوەندی ئەم جولانەوەیەیە، دواتر بەهۆی ئەوەی ئەو پارێزگایە بە زێدی مێژوویی زەیدیەکان و حوسیەکان بە تایبەتی دادەنرێت، بە ناوەکانی لاوانی موسوڵمان (الشباب المؤمن) یان پشتیوانانی خوا (أنصار الله) یان (حوسیەکان) دەناسرێن، چەندین گۆڕانکاری فیکریی و سیاسی سەرەکی بەسەر ئەم گروپەدا هاتووە، هەتاوەکو گەیشتوونەتە ئەو دۆخەی کە ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئەجێندەی وولاتانی هەرێمی .

سەرەتای چیرۆکەکە بەوە دەست پێدەکات، کاتێک ژمارەیەکی زۆر گرووپی زەیدیەکان[1]* لە یەمەندا لە پارێزگای (صەعدە) لە ساڵی (١٩٨٦) رێکخراوی (لاوانی موسوڵمانیان) دامەزراند، ئامانج لەو رێکخراوەش بریتی بوو لە ووتنەوە و بڵاوکردنەوەی وانەکانی تایبەت بە مەزهەبی زەیدیەکان بە شوێنکەوتوان و پەیڕەوکەرانی ئەو مەزهەبە، لەسەر دەستی (سەلاح ئەحمەد فلیتە) لە ناوچەکانی: صەعدە، عمران، حجە، صەنعا، محویت، زمار، ئیب و تەعز. لەو کاتەدا (بەدرەدین حوسی – حسین حوسی دامەزرێنەری گرووپەکە) لە گەورەترین زانایانی زەیدیەکان بوو، یەکێک بوو لە مامۆستایانی تایبەت بە (مەزهەبی زەیدیەکان) لەو دەستەیەدا وەک مەرجەعێکیش تەماشادەکرا لەگەڵ (مەجدەدین موئەیدی) و ناوی حوسیەکانیش دەدرێتە پاڵ (بەدرەدین حوسی).

رێباز "مەزهەب" ی زەیدی یەکێکە لە سێ مەرجەعەکەی شیعە کە بریتین لە (دوانزە ئیمامی و ئیسماعیلی و زەیدی) گەشەی ئەم تیرەیە دەگەڕێتەوە بۆ (١١) سەدە پێش ئێستا لەسەردەستی یەکەمین ئیمامیان زەیدی کوڕی عەلی کوڕی زەین عابدین (لە نەوەی حسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالب)، ئیمامەکانی زەیدیەکان بە درێژایی (١١) یانزە سەدە بەدوای یەکدا فەرمانڕەوایەتیان کردووە هەتاوەکو ساڵی (١٩٦٢) کە کۆماری یەمەن لە باکوری وڵاتەکەدا دروست بوو، زۆرینەی زەیدیەکان لە کەناراوە بەرزەکانی یەمەندا دەژین ئەمەش هاوکاربووە بۆ دابڕانیان و پارێزگاریکردن لە کەلەپوریان، کۆتا سەرژمێری لە یەمەندا لە ساڵی (٢٠٠٢) دا ئەنجامدراوە و لە (٣٠%) لە سەدی یەمەنیەکان ئینتمایان هەیە بۆ تایەفەی زەیدیەکان، گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت کە هەموو حوسیەک زەیدیە بەڵام هەموو زەیدیەک حوسی نیە، لێرەدا، لە

***زەیدیە (زەیدی):** تیرەیەکی ئاینی ئیسلامین، ڕەگ یان ئەچێتەوە سەر زەیدی کوڕی عەلی کوڕی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، پێشووتر ئەمانە لە نەجدو باکوری ئەفریکاو دەوروبەری دەریای قەزوین بوون. زیاتر بە هادویە ناسراون و ئیمامەتی خۆیان لە یەمەن دا گرێداوە، ئەمانە ئایدیای خۆیان لە دەرچوون لەژێر فەرمانڕەوایی ستەمکاردا قەتیس کردووەو، لەگەڵ شیعی بوونیشیاندا بەوە ناسراون کە ئارەزوو یان مەیلێکیان بەلای سووننە بەتایبەتی ئیمامی حەنەفی دا هەیە.

بنەڕەتدا جوڵانەوەی حوسیەکان تەحەددایەکی تایەفی نیە لە دژی حکومەتی یەمەنی و ڕووکارێکی ناوخۆیی روکارەکانی هیلالی شیعی نیە کە بە دەوڵەتاندا تێپەڕدەبێت، وەک لە لای خوارەوە پتر ئەمە ڕوونتر ئەکەینەوە.

لە ساڵی (١٩٩٠) دا یەکێتی یەمەن هاتەئاراوە و بواری فرە حیزبی رەخسێنرا، یەکێتی لاوان لەو کاتەدا گۆڕدرا بۆ (حیزبی حەق) و نوێنەرایەتی تایەفەی زەیدیەکانی ئەکرد لە یەمەندا، لە دەرئەنجامی هەستکردنیان بە پەراوێزخستن و ئەو جیاکاریەی لە دژیان بەکاردەهات لە لایەن حکومەتی یەمەنیەوە، "حسێن بەدرەدین حوسی" کوڕی زانا بەدرەدین وەک یەکێک لە سەرکردە سیاسییە دیارەکانی حوسیەکان دەرکەوت و رێکخراوەکە رووکارێکی سیاسی وەرگرت و بەشداری هەڵبژاردنەکانی یەمەنی کرد، لە ساڵی (١٩٩٣) دا رۆیشتە ئەنجومەنی نوێنەرانەوەو، هەروەها لە ساڵی (١٩٩٧) یشدا جارێکی دیکەش "حوسێن بەدرەدین حووسی" لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرایەوە، پاشان لە دوای هەڵگیرساندنی یەکەمین جەنگ لە دژی حکومەتی یەمەنی لە ساڵی (٢٠٠٤) دا بە دەستی هێزەکانی یەمەن کوژراو، "عەبدولمەلیک" ی کوڕی جێگەی گرتەوە.

٢-١. بەدرەدین حووسی و فیکریی جیابوونەوە

لەگەڵ ئەم رووداوانەدا، لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە، جیاوازیەکی گەورە کەوتە نێوان (بەدرەدین حوسی) و زانایانی دیکەی زەیدیی لە یەمەن! ئەوەش سەبارەت بەو فەتوا مێژووییەی کە زاناکانی زەیدیەکان لە یەمەندا لەسەری کۆک بوون، لەسەرو هەمووشیانەوە مەرجەع (مەجدەدین ئەلموئەیدیی)، فەتواکەش ئەوەبوو، کە مەرجی نەسەبی هاشمی بۆ ئیمامەت لەمڕۆدا

پەسەندکراو نیە، بەڵکو ئەوە بۆ بارودۆخێکی مێژوویی بووە، گەل دەتوانێت کێی بوێت و شیاوبێت بۆ فەرمانڕەوایکردنی هەڵیبژێرێت، بەبێ ئەوەی لە نەوەی حەسەن یان حوسێن بێت.

بەدرەدین حوسی دژی ئەم فەتوایە وەستایەوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی ئەو لە گروپی (جارودیە) بوو کە یەکێکە لە گروپە زەیدیەکان و بیروبۆچوونەکانی تا رادەیەک نزیکە لە ئایدیای دوانزە ئیمامیەوە. بەدرەدین حوسی بە ئاشکرا بەرگریدەکرد لە مەزهەبی دوانزە ئیمامی و کتێبێکی بە ناونیشانی (زەیدی لە یەمەن دا) بڵاوکردەوە، لەو کتێبەدا لایەنە لێکچووەکانی نێوان زەیدی و دوانزە ئیمامی روونکردەوە. بەهۆی ئەو بەرگریە توندەی لەو فیکرە لادەرانەی لە مەزهەبی زەیدیەکانی دەکرد ناچارکرا وڵات بەجێبهێڵێت و رووی کردە ئێران و لە تاران بۆ ماوەی دە ساڵ نیشتەجێ بوو.

سەرەڕای ئەوەی بەدرەدین حوسی یەمەنی بەجێهێشت، بەڵام بیرۆکەکانی تایبەت بە دوانزە ئیمامی بەردەوام لە بڵاوبوونەوەدا بوو، بە تایبەتی لە ناوچەی صەعدە و ناوچەکانی دەوروبەریدا لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکانەوە، بەدیاریکراویش لە ساڵی (١٩٩٧) ەوە، لە هەمان کاتیشدا (حسین بەدرەدین) کوڕی بەدرەدین لە حیزبی حەق جیابووبەوە و کۆمەڵەیەکی تایبەت بە خۆی دامەزراند، کۆمەڵەکەی حسین بەدرەدین لە سەرەتادا کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری فیکریی ئاینیی بوو، هاوکاریی حکومەتی دەکرد بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی سوونني کە لە لایەن حیزبی "کۆمەڵەی یەمەنی بۆ چاکسازی" ەوە نوێنەرایەتی دەکرا، بەڵام لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٢) دا کۆمەڵەکەی حسین بەدرەدین بوون بە ئۆپۆزسیۆن.

حوسیەکان لە ساڵی (١٩٩٠) ەوە، رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە سیاسەتی ناوخۆیی یەمەندا هەتاوەکو ساڵی (١٩٩٤) لە پاش جەنگی جیابوونەوە حوسیەکان رۆڵی سیاسی و

کاریگەریان کۆتایی هات و بەردەوام پەراوێز دەخران، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ریزەکانیان رێک بخەنەوە و هاوپەیمانێتی دروستبکەن لەگەڵ گروپ و هۆزەکانی دیکەی یەمەندا هێز و دەسەڵات پەیدابکەنەوە و داوای رۆڵێکی زیاتریان دەکرد لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیاندا، ئەمەش سەریکێشا بۆ فراوانبوونی ناکۆکیەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا و هەتا ئەوەی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی درێژخایەن.

ڕووخانی دەسەڵاتەکەی "عەلی عەبدوڵڵا ساڵح" لەسەروبەندی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ساڵی (٢٠١١) ەدا کە حوسیەکان بەشدارییەکی کارایان هەبووە تیایدا، بووە هۆی ئەوەی گروپەکە بە دەرفەتێکی باشی بزانن بۆ ئەوەی رۆڵێکی گەورەتر و کاریگەرتریان هەبێت لە سیاسەتی ناوخۆیی یەمەندا و بەردەوام بەشداریان لە کۆبوونەوە و دانوستانەکاندا دەکرد و پێشنیاری خۆیان دەخستەڕوو، بەڵام جارێکی دیکە پەراوێز خرانەوە، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕ و پێکدادانەکان کە هەتاوەکو (٢٠١٨) بەردەوامە.

حوسیەکان داوای رەزامەندی فەرمیان دەکرد بە بوونی حیزبێکی سیاسی مەدەنی تایبەت بە خۆیان و هەروەها دامەزراندنی زانکۆیەکی باوەڕپێکراو، دەستەبەرکردنی ئەوەی کە شوێنکەوتوانی مەزهەبی زەیدی مافی فێربوونی مەزهەبەکەیان هەبێت لە کۆلێژە شەرعیەکاندا، و مەزهەبی زەیدیش وەک مەزهەبی شافیعی ببێتە مەزهەبێکی فەرمی لە وڵاتدا.

تەوەری دووەم: ململانێی حوسیەکان لەگەڵ حکومەتی یەمەنیدا

١-٢. هۆکارەکانی ململانێی حوسیەکان لەگەڵ حکومەتی یەمەنیدا

هۆکارگەلێک هەیە بۆ رووبەڕوونەوەی حوسیەکان لە دژی حکومەتی یەمەنی، گرنگترین ئەو هۆکارانە بریتین لە هۆکارێکی زاتی (خودی) پەیوەندیدار بە حوسیەکانەوە، ئەوەش پەیوەندیدارە بە مەزهەبەکەیان و بە تایبەتی دروستبوونی را جیایی لەگەل مەرجەعەکانی دیکەی شیعەی زەیدیدا، وایکرد رەوایەتیەک بدەن بە خۆیان و بوونی خۆیان بە پێویستیەک بزانن ئەمەش لە مەیدانی سیاسیدا پراکتیزە بکەن بۆ ئەوەی رووبەڕووی ستەم و پەراوێزخستن نەبنەوە.

هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە رێگری دەسەلات لە شوێنکەوتوانی جولانەوەکە لە وتنەوەی دروشمەکانیان لە مزگەوتەکاندا یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی رووبەڕووبوونەوەکان لە نێوان ئەم گروپە و حکومەتی یەمەنیدا. هەروەها ئاماژە بەوەش دەدرێت دەربڕینی نارەزایی لە لایەن هەندێک لە شوێنکەوتوانی حوسیەکان لە مزگەوتەکانی پایتەختدا بووە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی لە نێوان دەسەلاتەکەی عەلی عەبدوڵلا صالح و حوسیەکاندا، چونکە عەلی عەبدوڵلا سالح دەربڕینی ئەو نارەزاییەی بە دەستدرێژی و بەرەنگاربوونەوە بۆ سەر دەسەلاتەکەی خۆی تەماشا دەکرد.

لە پاش بەهاری عەرەبی حوسیەکان داوای پێکهێنانی حکومەتێکیان دەکرد کە نوێنەرایەتیکردنی زیاتری گروپە سیاسیەکان و چالاکوانە سەربەخۆکانی تێدا بێت ئەوەش لە میانی

کۆنفرانسی دایەلۆگی نیشتمانی کە بۆ ماوەی (١٠) مانگ بەردەوام بوو داهاتووی سیاسی یەمەنی دیاریکرد لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی (٢٠١١) دوە.

لە پاڵنەری دەرەکیشدا، هەر بۆ خۆی لە ساڵی (١٩٧٩) دا خانەی حەدیثی سەلەفی (دار الحديث السلفيه) بە سەرۆکایەنی (مقبل ئەلوداعی) سعودی و بە پاڵپشتی عەلی عەبدوڵلا و عەلی محسین لە گوندی دەماج لە پارێزگای صەعدە دامەزرا. ئەلوداعی حوسیەکانی بە ئەهلی بیدعە وەسفدەکرد و بانگیدەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ سونەتی راست و دروست، خوێندکارانی ئەلوداعی لە ماوەی دەیەی نەوەدەکاندا دەستیان کرد بە رووخاندن و تێکدانی ئارامگەی سۆفیەکان لە صەعدە، ئەم کارانە بە پاڵپشتی حکومەتی یەمەنی ئەنجام دەدران ئەمەش وایکرد حوسیەکان هەست بکەن کە ئاین و کلتور و رۆشنبیریان لە ژێر هەڕەشەدایە و لە لایەن دەوڵەتەوە بە ئامانج گیراوە سەرەڕای پشتگوێخستنی صەعدە لە رووی ئابوریەوە. حکومەتی یەمەنی بەردەوام ئاسانکاری دەکرد بۆ بڵاوبوونەوەی سونەکان لە پارێزگای صەعدەدا بە تایبەتی لە پاش دەرکەوتنی نەوەیەکی کاریگەر بە ئایدیای ئایینی سعودی لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکاندا کە پاڵپشتی دەرەکی دەکران لە لایەن سعودیەوە و بەردەوام حکومەت ئاسانکاری بۆ دەکردن بە مەبەستی دەستبەسەراگرتنی مزگەوتەکان و قوتابخانە حکومیەکان لەو ناوچانەی زەیدی تێدا نیشتەجێبوون.

٢-٢. لە بەشدارییی سیاسییەوە بەرەو جەنگ

حوسیەکان بەردەوام هۆکاریان دۆزیوەتەوە بۆ بەردەوام بوون لە جەنگ لە دژی حکومەتی یەمەنی لە هەمان کاتدا بەردەوام حکومەتەکانی یەمەن پاساویان داوە بە دەست حوسیەکانەوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە جەنگ بدەن، بۆ نمونە لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠١٥) دا پاش ئەوەی ڕەشنووسی یەکەمی دەستور نووسرایەوە لە پاش دیاریکردنی "خالد بەها" وەک سەرۆک وەزیران، لە سەرەتادا حوسیەکان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، بەڵام حوسیەکان بە بەهانەی ڕەدکردنەوەی دابەشکردنی وڵات بۆ شەش ناوچە لە ڕەشنووسە دەستوریەکەدا بەردەوامیان دایەوە بە جەنگ. لەو ڕەشنووسەدا پارێزگای صەعدە کە لە رووی مێژووییەوە بە شوێن و زادەی حوسیەکان دادەنرێت دەخرایە سەر صەنعا.

بڵاوبوونەوەی هەژاری و ستەمی حکومەتی یەمەنی لە دانیشتوانی صەعدە و بۆمبارانی هەڕەمەکی خەڵکی مەدەنی لە کاتی جەنگەکان لە دژی حوسیەکان هۆکارێکی توندبوونی ململانێکان و زیادبوونی ژمارەی لایەنگرانی حوسیەکان بووە لەبەرئەوەی بەردەوام ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان و هۆزەکان و جەنگاوەران پەیوەندیان پێوەدەکردن بەهۆی ستەمی سوپا و حکومەتی یەمەنیەوە.

هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی حیواری نیشتمانی لە کۆتاییەکانی کانونی دووەمی ساڵی (٢٠١٤) و واژۆکردنی لە لایەن حوسیەکانەوە، دەقێکی بڕیارەکانی کۆنگرەکە باس لەوە دەکات کە دەبێت هەموو گروپە چەکداریەکان لە چەک دامالرێن، بەڵام حوسیەکان پابەند نەبوون بەو بڕیارەوە و جەنگ دەستپێکردەوە لەگەڵ حکومەتی یەمەنیدا لە مانگی شوباتدا و توانیان بە کۆنترۆڵکردنی شاری عمران جەنگەکە کۆتایی پێبهێنن.

له (ئابی ٢٠١٤) دا له دژی بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی بە هەزاران لە حوسیەکان رژانە سەر شەقامەکانی صەنعای پایتەخت و داوای رووخانی حکومەت و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیواری وەتەنیان کرد. عەبدولمەلیک مەروان لەو کاتەدا هەڕەشەی کرد بەوەی وەڵامدانەوەیەکی توندی دەبێت ئەگەر بێت و خۆپیشاندەران رووبەڕووی هەڕەشە و لێدان یان راوەدونان و گرتن بنەوە، بەڵێنی رووخانی حکومەتیدا ئەگەر بێت و وەڵامی داخوازیەکانیان نەدرێتەوە. ژمارەیەکی زۆر چەکداری حوسیەکان بەنێو خۆپشاندەراندا بڵاوبوونەوە و سەرجەم ئەو رێگایانەیان داخست کە دەهاتنە ناو پایتەختەوە و لە (٢١ ی ئەیلولی ٢٠١٤) دا توانیان کۆنترۆڵی پایتەخت بکەن و سەرجەم دامودەزگا حکومیەکان و وەزارەتی بەرگری و سەرۆکایەتی گشتی سوپا و فیرقەی چوار و شەش و بانکی ناوەنی و رادیۆ و تەلەفزیۆنی فەرمی و وەزارتی راگەیاندن و تەندروتستیان کۆنترۆل کرد.

حووسییەکان بۆرییەکی نەوت ئەتەقێننەوە

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەردەوامی ململانێیان لە دژی حکومەتی یەمەنی بریتی بووە لەوەی حکومەتی یەمەنی شکستی هێناوە لە سەرکوتکردنیان لە رووی سەربازیەوە بەهۆی چەندین هۆکارەوە لەوانەش شێوازی بەڕێوەبردنی خودی ململانێکە و سروشتی سیستمی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، هەروەها چارەسەرنەکردنی هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانیان.

٣-٢. قەیرانی یەمەنی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی: لە یەمەن کێ کێ ئەکوژێت؟

یەمەن یەکێکە لەو وڵاتە هەژارانەی جیهانی عەرەبی کە شەڕ وێرانی کردووە، جەنگەکەش پتر ناوخۆییەو، لەنێوان هێزەکانی سەر سەرۆک " عەبد ڕەب مەنسور هادی" کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانی پیانراوە لەگەڵ حووسییەکان وەک هێزێکی یاخیبو.

تەنها لەساڵی (٢٠١٥) ەدا، (٨٦٠٠) هەشت هەزار و شەش سەت کەس کوژراون، (٤٩٠٠٠) چل و نۆ هەزار برینداریش هەبووە، زۆربەی ئەم کوژراوو بریندارانە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانانە بووە کە سعودیە سەرۆکایەتی ئەکات.جگەلەوەش، لەدوای بەهاری عەرەبییەوە نزیکەی (٢٠) بیست ملیۆن کەس لەو وڵاتە ئابلۆوقەی مرۆیی و خۆراک یان لەسەرەو، گەورەترین کێشەی لەناکاوی بۆ سەر ئاسایشی خۆراکی جیهانی دروستکردووەو، پێداویستی خێرایان بە هاریکاریی مرۆیی و نێودەوڵەتی هەیە.

زیاتر له ٦٠% ی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی لە یەمەن ئەکوژرێن بەهۆی بۆردومانە ئاسمانییەکانی سعودییەوەیە " یوئێن وا ئەڵێت"

لە ساڵی (٢٠١٧) شدا، بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (٥٥٤٠٠٠) پێنج سەت و پەنجاو چوار هەزار حاڵەتی تووشبون بە پەتای کولێرا لە یەمەن تۆمارکراوە، تەنها لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٧) ەدا (١٧٨٤) هەزارو حەوتسەت و هەشتاوچوار کەس گیانیان لەدەست داوە، زیاتر لە (٥) پێنج ساڵە منداڵە یەمەنیەکان بەگشتی تووشی بەد خۆراکی بوون .

زیانەکانی ئەم جەنگە لە یەمەن، بەجۆرێکە کە نەتەوەیەکگرتووەکان تەنها لە ساڵی (٢٠١٦) دا ژمارەی قوربانییەکانی ناو ئەم وولاتەی بە (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس خەملاندووە، لە کۆی (٢٧) ملیۆن هاوڵاتی (١٤) ملیۆنیان پێویستیان بە خۆراکە (٧) ملیۆنیان بەهۆی برسێتییەوە جەستەیان لاواز بووە .

هۆکاری ئەم کارەساتە ناوخۆییەی یەمەن یش ئەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی شکستی وەرچەرخانێکی سیاسیی لە ساڵی (٢٠١١) دا، تیایدا سوڵتان و دەستەلاًتگەرای یەمەن " عەلی عەبدوڵا ساڵەح" دەستەڵات و شوێنەکەی خۆی بۆ جێگرەکەی " عەبد ڕەب هادی" بەجێهێشت و هەڵهات. لەیەک کاتدا " هادی" ڕووبەڕووی هێزە جیاخوازەکان بوویەوە لە باشوری یەمەن و، قاعیدەش هێرشەکانی بۆ سەر یەمەن چڕکردبۆیەوەو، لە لایەکی تریشەوە هەندێ ئەفسەری لایەنگری " عەلی عەبدوڵا ساڵەح" لە دەوڵەت و دەستەڵاتەکەی "هادی" جیابونەوەو، داوای گەڕانەوەی " ساڵەح" یان ئەکرد و، لەهەمان کاتدا حووسییەکان یش وەک گروپێکی یاخیبوی ئایدلۆژی چەکدار و، پاشانیش قەیرانی خۆراک و برسێتی هاوڵاتییان.

ئاستی قەیرانە مرۆییەکان لە یەمەندا



سەرچاوە: ئۆفیسی نەتەوەیە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری کاروباری مرۆیی **bbc**

٤-٢. له بارەی پاڵپشتی لۆجیستی حووسییەکانەوە

" ئایا حووسییەکان بەردەوام ئەبن یان نا؟"

له سەرەتاوەو، پێش ئەوەی تێکەڵ بە ململانێی چەکداریی ببن به دیاریکراویی له ساڵی (٢٠٠١) ەوە، حووسییەکان پاڵپشتی مانگانەیان له دەوڵەت وەردەگرت، بۆ زیندووکردنەوەی چالاکی زەیدیەکان له صەعدە، که له لایەن حیزبی کۆنگرەی گشتی گەلەوە بەڕێوەدەبراو، ڕاستەوخۆش سەرۆک "عەلی عبدالله صالح" ئاڕاستەی ئەکردن، دەوترێت دەوڵەت ویستویەتی ئەم ڕێکخراوە وەک ئامرازێک بۆ گفتوگۆی سیاسی بەکاربهێنێت لەگەڵ حیزبی کۆنگرەی یەمەنی بۆ چاکسازی که پێکهاتە سەلەفی و ئیخوانی و هۆزەکانی له یەک کاتدا له خۆدەگرت و بە ڕکابەری حیزبی دەسەڵاتدار دادەنرا له هەندێک له پارێزگاکانی یەمەندا، له لایەکی دیکەشەوە بۆ لاوازکردن و سنوردانان بێت بۆ سەلەفیەکان که ساڵەح بڕوای وابوو زیاد لەوەی پێویستە گەشەیان کردووە.

٥-٢. حووسییەکان له سێبەری ململانێ هەرێمایەتیەکان دا

لەدوای بەهاری عەرەبی و دواتریش توندبونەوەی ململانێ هەرێمایەتیەکان، جێنشینی سعودیە "محمد بن سەلمان" ئێران تۆمەتبار دەکات بە پاڵپشتیکردنی لۆجیستی حوسیەکان، هەروەها بە گوێرەی ڕاگەیاندراوێک له لایەن سەرۆکی ئەمریکیەوە (دۆناڵد ترامپ) ئێران بە بەرپرس دادەنێت له هاویشتنی صاروخەکان له لایەن حوسیەکانەوە.

له هەمان کاتدا حکومەتی یەمەنی چەندینجار ڕایگەیاندووە تۆڕی جاسوسی ئێرانیان دەستگیر کردووە، هەروەها ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە ئێران تۆمەتبار دەکەن بە پاڵپشتیکردن و پڕ چەککردنی حوسیەکان. دەسەڵاتی یەمەنی له ساڵی (٢٠٠٩) دا ڕایگەیاند که دەستیان گرتووە بەسەر

کەشتیەکی ئێرانی پڕ لە چەک بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی حوسیەکان رەوانەکرابوو، حکومەت رایگەیاند لە باکوری یەمەن دەستیان بەسەر چەند بارهەڵگرێکی پڕ لە چەکدا گرتووە کە لە ئێرانەوە هاتوون. بەڵام حوسیەکان بە هەموو جۆرێک ئەوە رەت ئەکەنەوە، و ئێرانیەکانیش بە تۆمەتی لە قەڵەم دەدەن.

بەبڕوای هەندێکیش، پەیوەندی ئێرانیەکان بە جوڵانەوەی حوسیەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زیاتر لە دەیەیەک و پێش بەهاری عەرەبی، بۆ کاتی جەنگی نێوان "حوسیەکان" و "عەلی عەبدوڵلا ساڵەح"، بە پاڵپشتی سعودیە ساڵەح لە زنجیرەیەک هێرش و هەڵمەتی سەربازیدا هەوڵیداوە حوسیەکان لە ناوبەرێت، ئەمەش هۆکاربووە بۆئەوەی ئێران هەستێت بە دابینکردنی پێداویستیە لۆجستییەکان و پێشکەشکردنی مەشق و راهێنان بۆ هێزە حووسیەکان لە کەمپەکانی لوبنان کە لە لایەن حزب الله بەڕێوەدەبرێت و هەروەها لە ناو ئێرانیشدا لە لایەن سوپای پاسدارانەوە.

لە لایەکی دیکەوە حوسیەکان لە مەیدانی جەنگدا یان لە رێگەی ئەفسەرانی سوپای یەمەنەوە بە ئاسانی چەکیان دەستدەکەوێت، بەهۆی ئەوەی سوپای یەمەنی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە دابەش بووە، دوو سوپا لە یەمەن بوونیان هەیە:

یەکەمیان: پاسەوانی کۆماری یەمەنی (الحرس الجمهوری الیمنی) بە سەرکردایەتی "ئەحمەد عەلی عەبدوڵلا ساڵەح"

دووەمیشیان: سوپایەکی دیکەیە شوێنکەوتەی (عەلی محسین ئەحمەر).

توێژەران وای دەبینن کە "عەلی عەبدوڵلا ساڵەح" ویستوویەتی رزگاری بێت لە رکابەرەکەی "عەلی موحسن" لە رێگەی وێرانکردن و لاوازکردنیەوە لە جەنگ دژی حوسیەکاندا،

بەوەش لە یەک کاتدا لە هەردوولایان رزگاری دەبوو، چەند لیوایەک لە گاردی کۆماری بە نهێنی چەک و تەقەمەنیان بۆ حوسیەکان دابینکردووە بۆ ئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئەحمەریان هەبێت، تەنانەت خودی ئەحمەر عەلی عەبدوڵڵا تۆمەتبار دەکات بەوەی کە ویستویەتی لە ناویان بەرێت لە رێگەی تێوەگلانیان لە جەنگ دژی حوسیەکان و بۆئەوەی دوو چۆلەکە بە گولەیەک بپێکێت وەک خۆی ئاماژەی پێداوە.

هەر لە سەرەتاشەوە بەهۆی رەخنەگرتن لە حکومەتی یەمەنی بەهۆی پشتگوێخستنی صەعدە و ئەو هەژاری و نارەحەتیەی خەڵکەکەی تێدایە و نەبوونی قوتابخانە و نەخۆشخانە، حسین بەدرەدین توانی پاڵپشتی خەڵکی پارێزگاکە بەدەستبهێنێت،

لە بەهاری رابردوودا فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران (قاسم سولەیمانی) فەرمانی کردووە بە زیادکردنی هاریکاریەکان بۆ حوسیەکان، کە راوێژکار و شارەزای زیاتر لە خۆدەگرێت لەگەڵ هاوبەشی پێکردنی تەکنەلۆژیای جەنگی، هەروەها لە نێو ئەو کەرەستە جەنگیانەی رەوانەکراوە ئاماژە دەکرێت بە لوغمی دەریایی و موشەکی دژە تانک و فرۆکەی بێ فرۆکەوان.

گرنگترین هاریکاریەک کە لە لایەن ئێرانەوە پێشکەش بە حوسیەکان کرا بێت بریتیە لە موشەکی بالیستی و شارەزایانی ئەو موشەکە، لە مانگی نیسانی رابردوودا موشەکێکیان ئاراستەی سعودیە کرد وەک خۆیان ئاماژەیان بۆکرد قاعدەیەکیان بە ئامانج گرتووە کە سەر بە هێزە ئاسمانیەکانی سعودیەیە، لە هەمان کاتدا سعودیەکان ئاماژەیاندا بەوەی کە ئامانج لەو موشەکە

لێدانی مەککە بووە. وەک بینرا بە تێپەڕبوونی کات و پاڵپشتی ئێرانیەکان حوسیەکان توانیان موشەکێک ئاڕاستەی ریازی پایتەختی سعودیە و بکەن و ببنە هەڕەشە بۆ سەر سعودیە.

بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەری رۆیتەرز، کە ئەویش کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەریگرتووە لە ئازاری (٢٠١٧) دا ئێران چەک و راوێژکاری سەربازی رەوانەی حوسیەکان کردووە جا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت بۆ یەمەن یاخود لە رێگەی سۆماڵەوە بێت.

تەوەری سێهەم: جوگرافیای چالاکی حوسیەکان

٣-١. هەڵکشانی قەڵەمڕەویی حووسییەکان بەرەو تەنگە ستراتیجییەکان

وەک ئاماژەی پێدرا، سەرەتا وەک چوڵانەوەیەکی لاهوتی دەرکەوتن لە باکوری یەمەندا و بە تایبەتی لە پارێزگای صەعدە و دەوروبەریدائامانجیان بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی و گیانی ئاشتی خوازی بوو، بەڵام ئێستا خۆیان لە چەقی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا دەبیننەوە.

پاش ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٣) رێککەوتنی ئاشتی مۆرکرا لە نێوان حوسیەکان و حکومەتی یەمەنی بەسەرۆکایەتی (عەبد رەب مەنسور هادی) و داوایان لێکرا بڕۆنە نێو حکومەتی یەکێتی نیشتمانیەوە و لە صەنعا پاشەکشە بکەن و شەڕ رابگرن، بەڵام حوسیەکان ئەو رێککەوتننامەیان جێبەجێ نەکرد و بەرەو پارێزگاکانی دیکە کشان و توانیان شاری ستراتیژی حەدیدە لەسەر دەریای سور بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

هەروەها لە پارێزگای عمران لە باکوری وڵاتدا شەڕیان دەستپێکرد لە دژی حکومەتی یەمەنی لە شوباتی ساڵی (٢٠١٤) جەنگەکە بە سەرکەوتنی حوسیەکان کۆتایی هات و توانیان ئەو پارێزگایەش بخەنە ژێردەستی خۆیان لە ٩ ی تەموزی هەمان ساڵدا.

بەشێوەیەکی گشتی لە پارێزگای صەعدە، و چەند ناوچەیەکی پارێزگا عەمران، و پارێزگای جەوف و صەنعا چالاکیان هەیە. حوسیەکان و هێزەکانی سەرۆکی پێشو عەلی عەبدوڵڵا هەرێمی ئازالیان بە تەواوەتی لەژێر دەستدایە کە لە پارێزگاکانی (صەعدە، عمران، صەنعا، و زمار). هەروەها تەواوی پارێزگاکانی هەرێمی تهامەشیان لە چنگدایە لە رۆژئاوای یەمەن کە لە پارێزگاکانی (حەدیدە، حجە، محویت، و ریمە) پێکدێت و هەروەها تەواوی پارێزگای ئین لە ناوەڕاستی یەمەندا. لە پارێزگای بەیزاشادا لە ناوەڕاستی یەمەندا حوسیەکان دەستیانگرتووە بەسەر زاهر و بەیزای ناوەندی پارێزگاکە.

٢-٣. ڕۆڵی حووسییەکان لە باڵانسی هێزە هەرێمییەکان دا

لە سەرەتادا، "عەلی عەبدوڵڵا ساڵەح" لە هەناوی حوسیەکاندا چانسێکی بەدیکرد بۆ گۆڕینی باڵانسی هێز لە یەمەن دا، ئەوەش لە ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر ئەوانەی کە لێی جودا بوونەوە لە ڕۆژانی کۆتایی دەستەڵاتەکەیدا.

لە لایەکی دیکەوە، بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێک لە نوسینگەی حوسیەکانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرجەم فڕۆکەخانەکان، بەندەرەکان، ناوچە سنوریەکان و هەرناوچەیەکی دیکە کە جێگەی گرنگی و بایەخی سعودیە و ئیمارات بێت دەبنە ئامانجی ڕاستەوخۆی چەکەکانیان و ئەوەش بە مافێکی ڕەوای خۆیان دەزانن.

کاریگەری حوسیەکان تەنها لە ناوخۆی یەمەندا نەبووە و توانیویانە ببنە مەترسی بۆ دەوڵەتێکی سونە مەزهەبی وەک سعودیە، هەر لە ساڵی (٢٠٠٩) ەوە لەگەڵ سوپای سعودیەدا پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەیان هەبووە و هەتاوەکو کار گەیشت بەوەی لە (٤ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧) دا، موشەکێکی بالیستی ئاڕاستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە ڕیازی پایتەختی سعودیە بکەن. پاش ئەو مووشەکەی کە ئاڕاستەی سعودیە کرا لە لایەن حوسیەکانەوە، سعودیەکان وای لێکدەدەنەوە کە ئەوە ڕاگەیاندنی جەنگە لە دژی شانشینی سعودیە، سعودیەش مافی وەڵامدانەوەی هەیە دژ بە ئێران چونکە بە بڕوای سعودیەکان ئێران بەرپرسیارێتی ئەو هێرشە هەڵدەگرێت، لە هەمان کاتدا تاران بە توندی ڕەتی ئەو دەنگۆیانەی کردەوە کە ئەو بەرپرس بێت لەو هێرشە.

حوسیەکان رۆڵیان هەبووە لە دروستکردن و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی سەربازی نوێ لە نیوە دورگەی عەرەبیدا بە سەرکردایەتی سعودیە، پاش ئەوەی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش هێزیان هەڵکشا و دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەسەرکردایەتی سعودیە هاوپەیمانێتیەک پێکهێنرا لە (٢٥ ئازاری ٢٠١٥) دا و دەستیانکرد بە هێرشی ئاسمانی لە دژی حوسیەکان، وەک هەوڵدانێک بۆ راگرتنی بەرەو پێشچوونی حوسیەکان.

حکومەتی یەمەنی و هاوپەیمانەکانی بەردەوام هەوڵیانداوە ململانێکە بە ململانێییەکی تایەفی لە قەڵەم بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوەی لە دەوڵەتانی هاوسێوە بۆ ئەوەی ململانێکە وەک بەشێک لە جەنگی هەرێمی وێنا بکەن و وای نیشان بدەن حوسیەکان مەترسین بۆ سەر ئاسایشی جیهان.

حوسیەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی تاران لە هەموو کات زیاتر کاریگەریان هەبێت لە یەمەندا و ببێتە مەیدانێکی بە سودی جەنگی بۆیان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جەنگەی بە سەرکردایەتی سعودیە لە دژی حوسیەکان راگەیەنرا، بەمەش پێگە و کاریگەری ئێران زیاتر بووە و توانیویەتی بەرەیەکی دیکەی جەنگ لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی لە دژی نەیارەکانی بکاتەوە و توانیویانە فشار بخەنە سەر سعودیە و بۆ ماوەیەکی نادیار سەرقاڵ و تارادەیەکیش لاوازی بکەن.

لە پاش بەهێزبوونی حوسیەکان و دەستگرتن بەسەر صەنعادا لە (ئەیلولی ٢٠١٥) دا بووە هۆی ئەوەی ئێرانیەکان داوا بکەن بنکەیەکی هەمیشەیی لە داهاتوودا بکەنەوە، بەڵام حوسیەکان

ئەو فکرەیان بە تەواوەتی رەدکردنەوە، چاودێران لە صەنعادا ئاماژە بەوە دەکەن کە بوونی ئێران لە یەمەندا شاراوەتەوە و لە پشت پەردەوەیە.

ئاڕاستەکردنی موشەکە بالیستیەکەی (٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧) بۆ ریازی پایتەختی سعودیە سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە حوسیەکان توانای دروستکردنی مەترسیان هەیە لەسەر دەوڵەتانی دراوسێیان، هەروەک کۆشکی سپی ئەوەی راگەیاند ئاڕاستەکردنی ئەو موشەکە هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی هەرێمی، ئەو جۆرە چەکە پێشتر و پێش و سەرهەڵدانی قەیرانەکان لە یەمەندا بوونیان نەبووە و بەڵکو ئێران ئەو چەکەی پێداون، و داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە بەرپرسیارێتی ئەو کارە بخرێتە ئەستۆی ئێران.

٣-٣. حووسییەکان لە پاش کوشتنی عەلی عەبدوڵا ساڵەح گۆڕەپانی جەنگەکە فراوانتر ئەکەن!

لەساڵی (٢٠١٢) ەدا کە حکومەتی یەمەنی لەکارەکانی دا تێک و پێک شکاو، هەڵوەشایەوە، حکومەتێک لەو وولاتە بە دەستپێشخەرییەکی کەنداو "سعودییە" پێکهات و، عەلی عەبدوڵا ساڵەح دەستەڵاتەکەی ڕادەستی "عەبد ڕەب هادی" کرد، لەوکاتەوە (٦) جار عەلی عەبدوڵا ساڵەحە و لایەنگرانی لەگەڵ حووسییەکان بەشەڕ هاتوون، تا لەساڵی (٢٠١٤) ساڵەح لەگەڵ حووسییەکان ڕێککەوت، بەگشتی لەدوای بەهاری عەرەبی و سەرەتاکانی قەیرانی یەمەنییەوە، دوو گرووپی سەرەکی لە یەمەن دا پەیدابوون و، سەرچاوەی تەواوی ناکۆکی و نەهامەتییەکانن:

یەکەمیان، لەلایەن سعودییەوە پاڵپشتی ئەکرێن، کە حکومەتەکەی"عەبدڕەب هادی" و چەند گرووپێکی ئیسلامی ترن.

دووەمیان، حووسییەکان و لایەنگرانی عەلی عەبدوڵا ساڵەح بون، کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی کراون (ئەکرێن).

لەگەڵ توندبونەوەی ململانێ هەرێمایەتی و جیهانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا و، دەرکەوتنی سیستەمی هەرێمایەتی و جیهانی نوێ لە تەواوی ناوچەکەدا، سیستەمە جیهانییەکە ڕووسیاو ئەمریکاو ناتۆ ن، سیستەمە هەرێمایەتییەکەش هاوپەیمانی ئیسرائیل و سعودییە یە بەپاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ بەرگرتن بە هەژمونی ئێرانی لە عێراق و سوریاو لوبنان و یەمەن، ئیتر لە کۆتایی (٢٠١٧) ەدا ئیدارەی ترامپ بڕیاری دا نوێنەرایی‌ەتی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بگوازرێتەوە بۆ قودس/ئۆرشەلیم و، ستراتیژی نوێی ئەمریکای بۆ جیهان ڕاگەیاند، ململانێکان لە کەنداوی عەرەبی و ڕۆژهەڵات و باکوری ئەفریکا چونە قۆناغێکی ترەوە .

لە (٤ی دیسەمبەری ٢٠١٧) گروپێک چەکداری حووسیی بە (٢٠) ئۆتۆمبیلی سەربازییەوە لە خوارووی سەنعا لە نزیک ناوچەی سەنحان ڕێگە بە "عەلی عەبدوڵا ساڵەح" و شاندەکەی یاوەری ئەگرن و، لەوێدا گوللەبارانی ئەکەن و، ئەیکوژن.

سەرۆکی پێشوتری یەمەن "عەلی عەبدوڵا ساڵەح" و لایەنگرانی و گروپەکەی یەکێک بوون لە فیگەرە دیارەکانی یەمەن و، لەدوای بەهاری عەرەبییەوە بەردەوام ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا یەکلاکەرەوە بووە. دوای ڕووداوەکان جەنگی نێوان حووسیەکان و حکومەتی یەمەنی بەردەوامی هەیەو، ئەبێت. ئەمەش ئایندەی ململانێ هەرێمایەتییەکان یەکلایی ئەکاتەوە، چونکە لەناوخۆدا متمانەی گروپە بەشەڕهاتووەکان بەیەکتری زۆرلاوازبووەو، دیارنییە کە ئاخۆ وەرچەرخانێکی سیاسیی لەو وولاتە ڕوو ئەدات یان نا!.

دەرئەنجام

بە تێڕوانین لە سەرەتای دروستبوون و قۆناغی ئێستایان، حوسیەکان بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیون کە بریتین لە قۆناغی دامەزراندن و پەروەردەکردن لە ڕێگەی قوتابخانە ئایینیەکانەوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بنەما و دروشمەکانی مەزهەبی زەیدی شیعی لە چەند پارێزگا و ناوچەیەکی یەمەندا. دواتر بوو بە جوڵانەوەیەکی سیاسی بۆ بەرگریکردن لە زەیدیەکان بە گشتی و حوسیەکان بە تایبەتی و داوای بەشداری سیاسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. پاشان قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری بەدوادا دێت کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٤ ەوە دەستپێدەکات و چەندین جار ئاگربەست ئەنجامدراوە و شەڕ دەستپێکردووەتەوە و هەتاوەکو ئێستەش بەردەوامی هەیە.

توانای حوسیەکان لە ئێستادا بەراورد بە سەرەتای دروستبوونیان دووبەرابەر و بگرە زیاتریش بووە و توانیویان کاریگەریان هەبێت لە دروستکردنی بڕیاردا و بەشدارێکی کارای پرۆسەی گواستنەوە و گۆڕانکاری بن لە یەمەندا. سەرەڕای ئەوەی کەوا هاوپەیمانیەکی گەورەی عەرەبی بە بەشداری دەوڵەمەندترین دەوڵەتانی عەرەبی بەشداربوون لە جەنگ دژی حوسیەکاندا بەڵام نەیانتوانیوە شکستیان پێبهێنن بەڵکو بەردەوام لە هەڵکشاندا بوون و هێز و دەسەڵاتیان زیاتر بووە. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە دەوڵەتانی ئیقلیمی و بەتایبەتیش سعودیە پەنابەرن بۆ هاریکاری گروپی چەکداری دیکە لە دەوڵەتانی دیکەدا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان لە دژی ئێران. لە لایەکی دیکەوە حوسیەکان دەتوانن مەترسی زیاتر بۆ سەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی کەنداو و بەتایبەتی سعودیە دروست بکەن لە داهاتوودا.

دەسەڵاتەکانی یەمەن لە سەردەمی عەلی عەبدوڵڵا ساحەوە هەتاوەکو دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی دوای بەهاری عەرەبی و لادانی عەلی عەبدوڵڵا لەسەر حوکم هۆکاری سەرەکی بوون لە یاخی بوونی جوڵانەوەی حوسیەکان چونکە بەردەوام پەراوێز خراون و گوێ لە داخوازیەکانیان نەگیراوە و بەشداریان پێنەکراوە لە دەسەڵاتدا، سەرەڕای ئەوەی حوسیەکان داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان نەکردووە لە یەمەن بەڵکو داخاوازیەکانیان تەنها بریتی بووە لەوەی بەشداریەکی کارایان هەبێت لە حکومەتی فیدڕاڵیدا و لە پاریزگای صەعدەدا حکومەتێکی خۆ بەڕێوەبەریان هەبێت.

دەوڵەتێکی هەرێمی وەک ئێران کە هاومەزهەبە لەگەڵ حوسیەکاندا پێ بەپێ لەگەڵ قۆناغەکاندا پاڵپشتی حوسیەکان بووە و هاوکاریەکانی بۆ زیادکردوون، ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لە سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنیان. هەروەها پاڵپشتیکردنی حوسیەکان بۆ ئێرانیەکان ئامرازێکە تێچووی کەمە بۆ جەنگ لە دژی سعودیە بەراورد بەوەی خۆی ڕاستەوخۆ ئەو جەنگە بکات وەک چۆن سعودییەکان ڕاستەوخۆ دەجەنگن لە دژی حوسیەکان بە تێچوویەکی زۆر، جگە لەوەی حوسیەکان ئامرازێک دەبن بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئێران زیاتر بێت. لە بری بنەبڕکردنی بوونی ئێرانی لە یەمەندا ئەو جەنگەی کە سعودیە سەرکردایەتی دەکات چانسی زیاتری بەخشیە ئێرانیەکان بۆ ئەوەی کاریگەریان زیاتر بێت، هەر چەندە حوسیەکان سەربەخۆن لە ئێران، بەڵام هێشتا پێویستیان بە پاڵپشتی ئێرانە بۆئەوەی بەردەوامی بدەن بە بوونیان.

دەتوانرێت بگوترێت حوسیەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا هەمان ڕێگەی حزب الله دەگرنە بەر وەک مۆدێلێک بۆ خۆیان تەماشای دەکەن، بە سەرکەوتوانەش توانیویانە ببنە ڕێگر لە بەردەم سعودیە و عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیش تێک بشکێنن و دواتریش بیکوژن، بەڵام ئەوەی گرنگە بوترێت ئێران نەیتوانیوە بەشدارێکی ڕاستەوخۆ بەدەست بێنێت لە بڕیاری حوسیەکاندا وەک چۆن لە لوبنان یان عێراقدا بەدەستیهێناوە بەهۆی حزب الله و گروپە شیعەکانی عێراقەوە.

لیستی سەرچاوەکان:

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1. al-monitor 2017: Iran outflanking Saudi Arabia in Yemen, by Bruce Riedel. Click here https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2017/08/iran-saudi-arabia-war-yemen-houthis-outflanking.html

2. alaraby, 2017: Yemen Houthi rebels threaten to attack UAE and Saudi airports, click here https://www.alaraby.co.uk/english/news/2017/11/8/houthis-threaten-to-attack-uae-and-saudi-airports
3. Aljazeera 2015: Who are the Houthis in Yemen? by Saeed Al Batati click here: http://www.aljazeera.com/news/middleeast/2014/08/yemen-houthis-hadi-protests-201482132719818986.html
4. bbc 2017: Yemen crisis: Who is fighting whom? click here http://www.bbc.com/news/world-middle-east-29319423
5. bbc 2015: The rise of Yemen's Houthi rebels, by By Charles Schmitz, Towson University, click here: http://www.bbc.com/news/world-middle-east-31645145
6. cnn 2017: Iran dismisses allegations it gave missiles to Houthi rebels in Yemen. By Elise Labott and Sarah El Sirgany Click here: http://edition.cnn.com/2017/11/06/middleeast/iran-saudi-yemen-missile/index.html
7. the guardian 2017: Saudi Arabia accuses Iran of 'direct aggression' over Yemen missile, by Saeed Kamali Dehghan. Click here: https://www.theguardian.com/world/2017/nov/07/saudi-arabia-accuses-iran-of-supplying-missile-to-houthi-rebels-in-yemen
8. sputniknews 2017: Saudi Prince Calls Iran's Alleged Supply of Missiles to Houthis 'Aggression', click here: https://sputniknews.com/middleeast/201711071058876831-saudis-iran-supply-missiles-aggression/

9. sputniknews 2017: Trump Blames Iran for Missile Fired at Saudi Airport From Yemen, click here: https://sputniknews.com/middleeast/201711051058827603-trump-iran-missile-launch-saudi-arabia/
10. sputniknews 2017: Houthi Rebels Reportedly Threaten to Attack Saudi, UAE Airports and Ports, click here: https://sputniknews.com/middleeast/201711071058885065-yemen-houthi-saudi-airports-uae/

سەرچاوە عەرەبیەکان:

١. د. أحمد محمد الدغشى: الحوثييون و مستقبلهم العسكرى و السياسى و التربوى: منتدى علاقات العربية و الدولية: ٢٠١٣.
٢. . د. أحمد محمد الدغشى: الظاهرة الحوثية: دراسة منهجية الشاملة. ٢٠٠٩.
٣. Eremnews ٢٠١٧: خارطة السيطرة في اليمن مطلع ٢٠١٧.. من يسيطر على ماذا؟
https://www.eremnews.com/news/arab-world/yemen/679466
٤. egynews ٢٠١٥: من هم الحوثيون ولمن ينتسبوا، فاطمة الجناينى.
https://www.egynews.net/149722/ من-هم-الحوثيون-ولمن-ينتسبوا
٥. beopen.me ٢٠١٥: إيران واليمن.. الدعم الإيراني للحوثيين يختلف باختلاف مصدر الخبر.
https://beopen.me/2015/03/30/ عالسريع-إيران-واليمن-الدعم-الإيراني-ل
٦. beopen.me ٢٠١٥: من هم الحوثيون؟ وماذا يريدون؟ رحلة في تاريخ الجماعة الزيدية
https://beopen.me/2015/03/30/ من-هم-الحوثيون؟-وماذا-يريدون؟-رحلة-محا
٧. Aljazeera ٢٠٠٩: جماعة الحوثيين في اليمن
http://www.aljazeera.net/news/arabic/2009/8/12/%D8%AC%D9%85%D8%A7%D8%B9%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%88%D8%AB%D9%8A%D9%8A%D9%86-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%85%D9%86
٨. france24 ٢٠١٤: من هم الحوثيون وما هي مطالبهم؟
http://www.france24.com/ar/20140902-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%88%D8%AB%D9%8A%D9%88%D9%86-%D8%B5%D9%86%D8%B9%D8%A7%D8%A1-%D8%B9%D9%84%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%AE%D9%8A%D8%AA%D9%8A
٩. bbc arabic ٢٠١٥: من هم الزيديون ومن هم الحوثيون؟
http://www.bbc.com/arabic/multimedia/2015/03/150310_yemen_zaidi_documentary
١٠. saaid : قصة الحوثيين، د. راغب السرجاني
https://saaid.net/arabic/279.htm
١١. Elaph ٢٠١٧: واشنطن: هجمات الحوثي على السعودية تهدد الأمن الإقليمي.
http://elaph.com/Web/News/2017/11/1175920.html